## جغرافیا و تاریخ بانه کردستان

لە ئاڵقەکانی پێشووتری ئەم وتارانەدا باسی هەندێک کتێبم کرد کە سەبارەت بە شارەکانی دەوروبەری بۆکان نووسراون و ئەم کارە بە پێویست دەزانم لەبەر ئەوەی نە بۆکان و نە خەڵکەکەی و نە مێژوویان لە شار و ناوچەکە دانەبڕاون و جەخت کردن لەسەر مێژووی دیاردەیەک بە بێ هەڵسەنگاندنی کارتێکران و کارتێکردنی دەوروبەرەکەی، گونجاو نابێت.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە کتێبی بەنرخی " جغرافیا و تاریخ بانه کردستان " بکەم کە نووسەری وردبین مامۆستا محەمەد رەئوف تەوەککولی بانەیی بە فارسی نووسیویەتی و چاپی سێهەمی ساڵی پار بڵاو بۆتەوە. لە بەشی مێژوویی کتێبەکەدا گەلێک بابەتی وەک "موکری قڕان" و "شەڕی دمدم" ی سەردەمی شاعەبباسی سەفەوی (سەدەی 16) هەن کە ناوچەی موکریان و بۆکان دەگرنەوە و ژمارەیەک بەڵگەی وەزارەتی دەرەوەی ئێرانیش راگوێزراون کە رووداوی وەک راپەڕینی شێخ عوبەیدللای شەمزینی رادەگەێنن کە ئەو رووداوەیش لە پەیوەندی موکریان و بۆکاندا جێی سرنجە*(من لە بەشەکانی دواتری ئەم زنجیرە وتارەدا دەچمە سۆراغی ئەو بەڵگەنامانەش).*

- لە لاپەڕەکانی دوای 43 دا باسی کۆچ کردنی جوولەکەی شارەکانی بانە و سەقز و سنە و بۆکان کراوە بۆ تاران و لەوێوە بۆ ئیسرائیل لە نێوان ساڵەکانی 1328 و 1330دا[1949 و 1951] کە بۆ مەسەلەی شوێن هەڵگرتنی جوولەکەکان- وەک بەشێکی گرنگ لە دانیشتووانی کۆنی بۆکان گرنگە بزانین ئەوان لە پێشدا چوونەتە تاران، لە لای گۆڕستانی نزیک مەیدانی خۆراسان بنەیان خستوە و نوێنەرەکانیان بە یارمەتی دەوڵەت بەخێویان کردوون تا دوایی کە نیردراون بۆ ئیسرائیل؛

- لە لاپەڕە 101 تا 103 دا وێنەی دوو نامە لە پەیوەندی عەزیزخانی سەرداری کولل دا چاپ کراون؛
- لە لاپەڕەی 375 دا وێنەیەکی شێخ بابای غەوساباد چاپ کراوە و باسی کووژرانی حەمەحسێن خانی سەردار بەدەست تورکەکەن کراوە؛
- لە لاپەڕەکانی دواتردا هەواڵی رووداوەکانی سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی و دامەزرانی حکوومەتی کۆماری کوردستان، حەمەڕەشیدخانی بانە، بارزانی، رووداوەکانی ساڵانی دواتر هاتوون- کە دیارە ئەوانەش هەر پەیوەندییان بە بۆکانەوە هەیە؛
- لە لاپەڕە 554 دا دوو وێنەی عەبدوڵلاخانی ناهید و حەمەد ئاغای عەبباسی چاپ کراون کە نوێنەرانی شاری سەقز بوون پەرلەمانی ئێرانی سەردەمی پەهلەوییەکان، ناهید لە فەیزوڵلبەگییەکانی دەوروپشتی بۆکان و حەمەدئاغاش سەر بە دێبوکرییەکان بوو.
- لە بەشەکانی دواتری کتێبەکەدا باسی ساڵانی 1346 و 47 (1967 و 68) و راپەڕینی باڵی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها شاربەدەر کرانی مامۆستایانی بانە و سەقز و بۆکان و مەهاباد و ئینجا رووداوەکانی شۆڕشی ساڵی 1357[1979]ی ئێران بە بەڵگەوە کەوتوونەتە بەر لێکۆڵینەوە.

محمد رئوف توکلی، " جغرافیا و تاریخ بانه کردستان" چاپ سوم، انشارات توکلی، تهران، 1387[2008]، 695 صفحه، فارسی.